# فرەواتایی وشەی ئەرکی لە زمانی کوردیدا ( پریپۆزیشن) بە نمونە

**ID No. 471**

(PP 271 - 281)

https://doi.org/10.21271/zjhs.27.2.16

**دیار عەلی کەمال کریم**
کۆلێژی زمانە بیانییەکان-پەکین، زانکۆی پەکین–چین
dyar deyar.kamal1@su.edu.krd

**گەزەنگ عبدالقادر عبدالله**
کۆلێژی پەروەردە، بەشی زمانی کوردی، زانکۆی سەلاحەدین-هەولێر
gezeng.abdulla@su.edu.krd

**وەگــــــرتن : 2022/08/09**
**پەسندکردن : 2022/10/16**
**بڵاوکردنەوە : 2023/04/17**

**پوختە**

ئەم توێژینەوەیە بە ناونیشانی فرەواتایی وشەی ئەرکییە لە زمانی کوردیدا، (پریپۆزیشن) بەنمونە، ئەم توێژینەوەیە توێژینەوەیەکی سیمانتیکییە، مەبەستی سەرەکی ئەم توێژینەوەیە هەوڵێکە بۆ دەستنیشانکردن و خستنەڕوی واتا جیاوازەکانی وشەی ئەرکی لە زمانی کوردیدا، بە نمونە پریپۆزیشن. توێژینەوەکە بە پشبەستن بە جیاکردنەوەی وشەی ئەرکی و لە ناویشیاندا پۆلە ئاخاوتنی پریپۆزیشن هەوڵی دیاریکردنی ئەو فۆرمە جیا جیایانە دەدا، کە فرەواتایی دروست دەکەن لە ڕۆنانی وشەی نوێ و بەکارهێناندا. لەم ڕووەشەوە هەمو ئەگەرە شیاوەکان لەبەرچاو دەگرێ، کە پریپۆزیشن لە فەرهەنگ و بەکارهێناندا فرەواتایی لێ دروست دەکا و لەگەڵ هاوپێژی جیایدەکاتەوە.

توێژینەوەکە بۆ هەڵبژاردنی پریپۆزیشنەکان پشتی بە فەرهەنگ و بۆ نمونەی فرەواتاکانیش فەرهەنگ و زمانی ئاخاوتنی ڕۆژانەی بە هەند وەرگرتوە.

**کلیلە وشە:** کاتیگۆری مۆرفۆلۆجی، وشەی ئەرکی، فرەواتا، پریپۆزیشن.

## 1-پێشەکی:

**ناونیشانی توێژینەوە:** توێژینەوەکە بە ناونیشانی فرەواتایی وشەی ئەرکییە لە زمانی کوردیدا- پریپۆزیشن- بەنمونە، ئەم توێژینەوەیە هەولێکی وەسفییە بۆ لێکدانەوە و ڕیزکردنی واتا جیاوازەکانی وشە ئەرکییەکان بە تایبەتی لە (پریپۆزیشن)دا، لەسەر بنەمای بۆ چونی سیمایی واتایی.

**گرنگی توێژینەوە:** توێژینەوە لە هەر بوارێکی زانستی گرنگی خۆی هەیە، فرەواتایی وشەی ئەرکی ڕۆڵێکی بەر فراوانی لە زماندا هەیە، ئەگەرچی بە شێوەی لاوەکی و لابەلا باسی لێوە کراوە، بەڵام تاوەکو ئێستا بەشێوەیەکی سەربەخۆ توێژینەوە لەبارەی ئەم بابەتەوە نەکراوە، بۆیە بە پێویست زانرا، کە توێژینەوە لەم بابەتە بکەم.

**سنوری توێژینەوە:** ئەم توێژینەوەیە لە چوارچێوەی زمانی کوردییە، تایبەتە بە دیالێکتی کوردی کرمانجی ناوەڕاست.

**ڕێبازی توێژینەوەکە:** لەم توێژینەوەیدا، ڕێبازی وەسفی شیکاریی پەیرەوکراوە.

**کەرەستەکانی توێژینەوە:** کەرەستەی توێژینەوەکە و نمونەکان لە ئاخاوتنی ڕۆژانە و فەرهەنگە کوردییەکان وەرگیراوە.

ناوەڕۆکی توێژینەوە: ئەم توێژینەوە، جگە لە پوختە و پێشەکی و ئەنجام و لیستی سەرچاوەکان، لە چەند تەوەرەیەکی تیۆری پێکهاتوە، لەوانە: کاتیگۆڕییە مۆرمۆلۆجییەکان (تێروانینێکی تیۆری)، پۆلکردنی کاتیگۆرییە مۆرفۆلۆجییەکان لە زمانی کوردیدا: پۆلی کراوە- پۆلی داخراو، وشەی ئەرکی، پریپۆزشن، بۆ بەشی پراکتیکی ئەم توێژینەوەیە باسی فرەواتایی وشەی ئەرکی لە ( پریپۆزیشن) داکراوە.

## 2- کاتیگۆرییە مۆرفۆلۆجییەکان (تێروانینێکی تیۆری):

زمان دیاردەیەکی ئاڵۆزە، شیکردنەوەی زمان لەخودی خۆیدا زانستێکە چەندین ئاست (لیڤڵ) نیشان دەدات، شیکردنەوەی هەر ئاستێك لە ئاستەکانی زمان بە مەبەستی لێکۆڵینەوە و دەستەبەرکردنی تا ڕادەیەك لە نهێنییەکانییەتی، دەنا هیچ ئاستێك بەتەنها لێی ناکۆڵدرێتەوە، چونکە زمان پێویستی بەوە هەیە لە چەند ئاستێکدا لێی بکۆڵدرێتەوە.

ئاستی مۆرفۆلۆجی وەك ئاستێك لە ئاستەکان پردی بەیەکگەیشتنی ئاستەکانی ترە و لوتکەی پەیوەندی نێوان ئاستەکان پیشان دەدات. ئەمە جگە لەوەی کە مۆرفۆلۆجی خۆی وردەکارییەکی زۆری تێدا بەدیدەکرێت، بۆیە دەتوانین بڵێین مۆرفۆلۆجی بریتییە لە

لێکۆڵینەوە لە پێکهاتەی ناوەوەی وشە، لقێکی گەورەی زانستی زمانەوانییە و جێگایەکی گرنگی لە زماندا هەیە، رۆڵێکی چالاک دەبینێت لە دروستکردنی پەیوەندی لەگەڵ ئاستەکانی تری زماندا، ئاستی مۆرفۆلۆجی لە سەرەتای سەرهەڵدانییەوە تاوەکو ئەمرۆ، بەردەوام کەوتوەتە بەر تیشکی توێژینەوەی زمانەوانەکان (محێدین،2013،27)، بە شێوەیەکی گشتی هەمو زمانێك بە هەزاران لێکسیم (وشە) لەخۆ دەگرێت، بۆیە توێژینەوە لە وشە و پۆلە وشەکان کارێکی ئاسان نەبووە، بەشێوەیەکی گشتی توێژینەوە لە هەندێك لایەنی ئەم وشانە کراوە، بەبێ ئەوەی پۆلێن بکرێن، بەڵام دواتر وشەکانیان داوەتە پاڵ چەند پۆلێك، دواتر زاراوەی (پۆلە وشە)، (بەشەکانی ئاخاوتن)، (پۆلە فۆڕم) یان (کاتیگۆڕی مۆرفۆلۆجی) بۆ بەکارهاتوە، هەروەها کاتیگۆری مۆرفۆلۆجی لە هەمو زمانێکی زیندووی سەر گۆی زەویدا هەیە، ئەم بەشانەش کەرەسەی هەرە گرنگی زانستی وشەسازین.(دزەیی،2013،65).

سەرەتای بیرکردنەوە لە زمان دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی گریکەکان، بە تایبەتی بۆ بەشێك لە گفتوکانی ئەفلاتون. ئەفڵاتون بەیەکەم ڕێزمانووس دادەنرێ، چونکە یەکەم کەس بوە، کە گوتویەتی ڕستە لە دو بەش پێکدێت، ئەویش (ناو و کار)ە، واتە سەرەتا یۆنانییەکان نەخشەیەکی ڕێکو و پێکیان بۆ کاتیگۆریە مۆرفۆلۆجییەکان دانا (عەزیز،2008،5)، دەتوانین بڵێین ئەم دابەشکردنەی ڕستە هەر لە سەردەمی ئەفلاتون و ئەرستۆوە دەستیپێکردوە (فەرهادی ،2013،5)، بەڵام یەکەم پۆلێنکردنی کاتیگۆری مۆرفۆلۆجی بۆ (ستۆیکس) دەگەڕێتەوە کە کاتیگۆری مۆرفۆلۆجی بەسەر چوار بەشدا دابەشکرد، ئەوانیش: ( ناو، کار، ئامرازەکان(جێناو)، ئامرازی لێکدەرکان) (Riemer, 2010,295)، جیاکردنەوەی وشەکان بۆ پۆل کارێکی ئاسان نییە، بە تایبەتی بۆ سەردەمێکی زوی وەکو سەردەمی ئەفڵاتون و ئەرستۆ، چونکە زۆر وشە هەن بەشداری زیاتر لە پۆلێکدا دەکەن (فەتاح،2015،3)، بەڵام یەکەم وەرچەرخان لە پەرەسەندنی کاتیگۆریە مۆرفۆلۆجییەکاندا بۆ (دیۆنیسۆس تراکس) دەگەڕێتەوە، کە نزیکەی دو هەزار ساڵ پێش زایین بۆ زمانی یۆنانیان داناوە، کە کاتیگۆری مۆرفۆلۆجی بەسەر هەشت جۆردا دابەشکرد. (ناو، کار، جێناو، پارتسیپڵ، ئاوەڵکار، پریپۆزیشن، ئامرازی لێکدەر، ئارتیکڵ) (yagoda,2006))، لەو کاتەی ( تراکس) ئەو سیستەمەی بۆ کاتیگۆری مۆرفۆلۆجی دانا، کە کاتیگۆریە مۆرفۆلۆجییەکانی بەسەر هەشت بەش دابەشکرد، تاوەکو ئێستاش کاتیگۆریە مۆرفۆلۆجییەکان هەر بەسەر هەشت بەشدا دابەشکراون، هەرچەندە دواتر هەندێك گۆڕانکاری بچوکی تێدا کرا، هەروەها هەندێك لە ڕێزمانوسە ڕۆژئاواییەکان چەندین کاتیگۆری مۆرفۆلۆجی دیکەیان پێشنیاز کرد، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا سیتەمەکە وەکو خۆی مایەوە، دواتر (Priscian-پریشیان) کە ڕێزماننوسێکی ڕۆمانییە سیستەمی کاتیگۆریە مۆرفۆلۆجییەکانی لەگەڵ چەند گۆڕانکارییەکی بچوك بەسەر زمانی لاتینیدا جێبەجێکرد. (Hejl,bc,2014,12)، واتە ڕۆمانییەکان ئەم دابەشکردنەیان بە دەستکارییەکی کەمەوە وەرگرت بۆ زمانی لاتینییان وەرگرت، دەتوانین بڵێین لە سایەی دەوری زمانی لاتینییەوە لە کەلتوری سەدەکانی ناوەڕاستدا، ئەو دابەشکردنە کۆنەی کاتیگۆری مۆرفۆلۆجییەکان بۆ توێژینەوەی هەندێ لە زمانە ئەوروپاییە نوێیەکان بەکارهێنرا و دواتر بۆ زمانەکانی دیکەی جیهانیش سودی لێوەرگیرا. لەو دابەشکردنەی کاتیگۆری مۆرفۆلۆجی یۆنانی و لاتینیدا هەشت کاتیگۆری مۆرفۆلۆجی، کە ئەو کاتە پێیان دەگوتن (بەشەکانی وشە) دیاریکرا بوون. لە زۆر زماناندا تا ماوەیەکی دوورودرێژ هیچ گۆڕانێکی ئەوتۆی بەسەردا نەهێنرا، بەڵام دواتر گەشەی پێدرا لەلایەن (ئەلێکساندەر خریستۆفۆرۆڤیچ ڤۆستۆکۆڤ) بە بڵاوکردنەوەی کتێبی (ڕێزمانی ڕوسی)، کارێکی نوێی لە زمانی ڕوسیدا تۆمارکرد. ئەم زانایە نۆ کاتیگۆری مۆرفۆلۆجی دیاریکردوە، واتە کاتیگۆری مۆرفۆلۆجی (ژمارە)ی زیادکردووە (مارف،2014،9)، بەڵام دواتر لە سەدەی بیستەمدا ڕێزماننوسە ئینگلیزییەکان (هەشت) کاتیگۆری مۆرفۆلۆجییان دیاریکرد بۆ زمانی ئینگلیزی، کە ئەمانەن: (ناو، جێناو، کار، ئاوەڵکار، ئاوەڵناو، پریپۆزیشن، ئامرازی لێکدەر، ئامرازی سەرسوڕمان و بانگشتێن)، ئەم هەشت کاتیگۆریە مۆرفۆلۆجیە لە زمانی ئینگلیزی گوێزرایەوە بۆ زمانەکانی  ترو پاشان بوونە بناغە بۆیان.

### 3- پۆلکردنی کاتیگۆرییە مۆرفۆلۆجییەکان لە زمانی کوردیدا :

مۆرفۆلۆجی بەشێکی گرنگە لە ڕێزمانی زمان، کە لە ڕۆنانی ناوەوەی وشە دەکۆڵێتەوە. هەمو زمانەکانی سەر گۆی زەوی لە چەند کاتیگۆرییەکی مۆرفۆلۆجی پێکهاتون و لە ئەنجامی لێکدانی کاتیگۆرییە مۆرفۆلۆجییەکانی زمان فرێز و ڕستە و ئاخاوتن دروستدەکرێت. لە نوسینەوەی ڕێزمانی هەمو زمانێکدا، ڕێزماننوسەکان بەگوێرەی چەند تایبەتییەکی وشەسازی و ڕستەسازی و واتایی ئاسایی چەند کاتیگۆریەکی مۆرفۆلۆجی لەیەکتری جیادەکەنەوە. (فەتاح،2010،301)، هەروەها هەریەك لە کاتیگۆرییە مۆرفۆلۆجییەکان بەگوێرەی بەکارهێنان لە بارودۆخ و کاتی جیاوازدا گرنگی خۆی هەیە.

زمانەوانەکان بە شێوەیەکی گشتی کاتیگۆریە مۆرفۆلۆجیەکانیان بەسەر دو پۆلدا دابەشکردووە. ئەوانیش: (پۆلی کراوە - پۆلی داخراو) (Hinojosa,entel,2001)، جگە لەو زاراوەیە لە زمانی کوردیدا چەندین زاراوەی تری بۆ بەکارهاتووە، لەوانە (پۆلی تەواو – پۆلی ناتەواو)، (کاتیگۆڕی سەرەکی – کاتیگۆڕی لاوەکی)(وشەی تەواو – وشەی ناتەواو)، (پۆلی سەربەخۆ- پۆلی ناسەربەخۆ).

سەرەڕای ئەوەی کە چەندین زاراوەی بۆ بەکارهاتوە، بەڵام ئەوەی لای ئێمە گرنگە ئەوەیە کە ئەم دوو پۆلە لە یەکتری جیاوازن و هەر پۆلەیان تایبەتمەندی خۆی هەیە:

**3-1پۆلی کراوە :**مەبەست لەم جۆرە پۆلە لە زماندا ئەوەیە کە دەتوانرێت وشەی تر دروستبکەن و واتای فەرهەنگیان هەیە، وەکو: (ناو، ئاوەڵناو، ئاوەڵکار، کار،...) بە پۆلی کراوە دادەنرێن، چونکە دەتوانین چەندەین جۆر لەمانە دروست بکەین و ڕۆژانە دروست دەبن، واتە ئەمانە کراوەن بەڕوی گۆڕان و وەرگرتنی وشەی نوێ بۆ ناو پۆلەکەی خۆیان. (فەرهادی،2013،9)، هەروەها پۆلی کراوە وشە بنجییەکانی زمانن. ڕاستەیەك هەیە دەبێ بزانین هەر وشەیەك ئەگەر ئەندامر بێت لە پۆلێك لە پۆلەکانی ئاخاوتن بە توخمێکی زمان دادەنرێت. هەروەها ئەو وشانەش لە فەرهەنگی زماندان، بەرامبەر هەریەك لەو وشانە زانیاری تەواو نوسراوە، لە بارەی واتای وشەکەوە، هەروەها پێویستە ئاماژە بەوەبکرێت، کە زۆربەی وشەکانی زمان سەر بە پۆلی کراوەن (سەعید،2013،5)، بۆیە پێیان دەوترێت پۆلی کراوە چونکە ژمارەی ئەندامەکانی بەردەوامر زیاد دەکات، هەروەها وشەکانی پۆلی کراوە بەسەربەخۆیی و لەدەرەوەی ڕستەدا واتایان هەیە.

**3-2 پۆلی داخراو :** (پۆلە داخراو )و (پۆلە ڕێزمانییەکان) یان وشەی ئەرکیان لە زمانی کوردیدا بۆ بەکاردێت، زۆربەی وشە ئەرکییەکان لە ئێستای زماندا واتایان نییە، بەڵام هەندێك لە وشە ئەرکییەکان واتایەکی کەمیان هەیە(www.findwords.ifo )، بەڵام دەکرێ بڵێین ئەمجۆرە وشانە زیاتر ئەرکیان گوزارشتکردنە لە پەیوەندیەکی ڕێزمانی، وە ئەمجۆرە پۆلە جیاوازن لە پۆلە کراوەکان، چونکە پۆلە کراوەکان هەڵگری واتان، هەروەها پۆلی داخراو پێکدێن لە وشە ئەرکییەکانی زمان و پۆلی ئەرکیشیان پێدەوترێت، چونکە وشەی نوێ بەدەگمەن وەردەگرن، واتە ژمارەیان دیاریکراوە و پەیڕەوێك دروستدەکەن و یەکتر پێناسە دەکەن، هەروەها وشەکانی پۆلی داخراو بەزۆری ڕۆلی ڕستەسازی دەگێڕن لەناو چوارچێوەی پۆلی کراوەدا، واتە ئەو جۆرە وشانە زیاتر گوزارشت لە پەیوەندییەکی ڕێزمانی دەکەن. (سەعید،2013،5)، یاخود بەشێوەیەکی سەرەکیی هەڵگری واتای ڕێزمانین و ئەرکی سەرەکییان بەرجەستکردنی گۆکردنی دروستەیی و سینتاکسیە، بەمر پێیە پۆلە داخراوەکان زیاتر لە ڕۆلێك دەبینن، ئەمەش بەهۆی ئەوەوە کە زۆرێك لە ئەرکە سینتاکسی و سیمانتیکیەکانەوە بەهۆی ئەمانەوە لە زماندا دەردەبردرێن. یەکێك لە تایبەتمەندییەکانی پۆلە داخراوەکان لە زماندا لکاندنیانە بە پۆلە کراوەکانەوە بەپێی ئەرك و ڕۆڵیان و چەشنی ئەو کەرەستانەی پێوەیدەلکێن، وە تایبەتمەندییان دیاریدەکرێت (حسێن،2011، 15)، کەواتە پۆلی داخراو ئەو وشانەن، کە ڕۆلی سەرەکییان بریتییە لە گوزارشتکردن لە پەیوەندییەکی ڕێزمانی، پەیوەندییە لۆژیکییەکان لە ڕستەدا دەستنیشان دەکەن، هەروەها بە زۆری ئەرکە سینتاکسی و سیمانتیکییەکان بەهۆی پۆلە داخراوەکانەوە دەردەبڕدرێن.

**4- پۆلی وشە لە ڕوانگەی فەرهەنگەوە :**

لە ڕوانگەی فەرهەنگەوە وشە لە دو جۆر پێکدێت: (وشەی ناوەڕۆکی – وشەی ئەرکی). وشە ناوەڕۆکییەکان سەر بە پۆلی کراوەن، بەڵام وشەی ئەرکی سەر بە پۆلی داخراون، ئەوەش ئەوە دەگەیەنێت، هەریەك لەو جۆرە وشانە لە یەکتری جیاوازن و هەر پۆلە و تایبەتمەندیی خۆی هەیە.

**4-1 وشەی ئەرکی[1]:** وشەی ئەرکی پانتاییەکی بەرفراوانی لە زماندا هەیە، ڕۆلێکی سەرەکی لە زماندا دەبینێت. وشەی ئەرکی لە ڕیزی مۆرفیمی سەربەخۆدایە، واتە بەشێك لە مۆرفیمە ئازادەکان وشەی ئەرکین. سەبارەت بە وشەی ئەرکی دوو بۆچوون بەرچاو دەکەوێت، بۆچوونی یەکەمر پێیانوایە وشەی ئەرکی: ئەو وشانەن ، کە ڕۆلی سەرەکیان گوزارشتکردنە لە پەیوەندییەکی ڕێزمانی، جیاوازن لە وشە ناوەڕۆکییەکان، چونکە وشە ناوەڕۆکییەکان هەڵگری واتان، (Crystal,2003,193)، یاخود وشەی ئەرکی ئەو وشانەن کە گوزارشت لە پەیوەندییەکی ڕێزمانی، یان پەیوەندییەکی لۆجیکی لە ڕستەدا دەکەن. ( Katamba& Stonham,2006,42)، واتە بۆچوونی یەکەمر پێیانوایە وشەی ئەرکی ئەو وشانەن کە لە دەرەوەی ڕستەدا هیچ واتایەکی دیاریکراویان نییە، واتە تەنها ئەرکی ڕێزمانی جێبەجێدەکەن، هەروەها ئەو وشە ئەرکیانە یارمەتی وشە ناوەڕۆکییەکان دەدەن لە ڕستەدا بۆ گەیاندنی واتا، چونکە بەهۆی وشەی ئەرکییەوە واتای ڕستە ڕون و ئاشکرا دەبێت، بەڵام بۆچوونی دووەمر پێیانوایە، کە وشەی ئەرکی: ئەو وشانەن کە هەڵگری واتایەکی کەمن و هەندێکیان واتایان نییە، ئەرکی سەرەکییان بریتییە لە گوزارشتکردن لە پەیوەندییەکی ڕێزمانی(Trask,1992,123) ، یاخود وشەی ئەرکی ئەو وشانەن بە تەنها کەمێك واتایان هەیە، زیاتر ئەرکیان گوزارشتکردنە لە پەیوەندییەکی ڕێزمانی، هەروەها ڕۆلێکی گرنگیان لە پێکەوە بەستنەوەی وشەکانی ناو ڕستەدا هەیە بۆ گەیاندنی

[1] – لەمر سەرچاوانە ئەمر ناوانەشی بۆ بەکارهاتوە: وشەی ناسەربەخۆ، وشەی ناتەواو،...

واتا. www.findword.ifo، ئەم توێژینەوەیە پشتگیری لە بۆچوونی دووەم دەکات، کەواتە دەتوانین بڵێین هەرچەندە بەشێکی زۆری وشە ئەرکییەکان لە ئێستای زماندا واتایان نییە، بەڵام هەندێك لە وشە ئەرکییەکان بە تەنها لە دەرەوەی ڕستەدا هەڵگری واتایەکی کەمن[2]، بەڵام ئەم وشانە زیاتر هەڵگری چەمکێکی ڕێزمانی، واتە ئەرکی ڕێزمانی لە ڕستەدا دەگێڕن، یان پەیوەندی لۆجیکی نێوان کەرەستەکانی ڕستە دەردەخەن.

(مارف) (2004:72) دەربارەی وشەی ئەرکی دەڵێت: ئەو وشانەن کە ڕاستەوخۆ پەیوەندییان بە دیاردەیەکی واقیعییەوە نییە و سەربەخۆ ناتوانن وەك ئەندامێکی ڕستە خۆیان بنوێنن، بەڵکو دەوریان یاریدەدانی وشە تەواوەکانی بەشە ئاخاوتنە لە بەجێهێنانی ئەرکەکەیاندا، بە تایبەتی لە دەربڕینی واتایانداو پێکەوە بەستنیان لە ڕستەدا. لێرەدا بۆمان دەردەکەوێت کە وشە ئەرکییەکان زیاتر ئەرکیان دەرخستنی پەیوەندییە ڕێزمانییەکانە لە ناو ڕستەدا، هەروەها زۆربەی وشە ئەرکییەکان لە دەرەوەی ڕستە واتایان نییە، هەرچەندە هەندێك لە وشە ئەرکییەکان واتایەکی کەمیان هەیە، دەتوانین بڵێین زیاتر وشە ئەرکییەکان یارمەتی وشە ناوەڕۆکییەکان دەدات لەناو ڕستەدا بۆ گەیاندنی واتا. بۆ نموونە:

- ژیار بۆ قوتابخانە دەچێت.

لەم ڕستەیە دا وشە ناوەڕۆکییەکان بریتیین لە: (ژیار، قوتابخانە، دەچێت)، وشە ئەرکییەکی ئەم ڕستەیە بریتییە لە: (بۆ)، دەتوانین بڵێین وشەی ئەرکی (بۆ) بەتەنها هیچ واتایەکی نییە، بەڵکو لە ڕستەدا یارمەتی وشەی ناوەڕۆکییەکان دەدات لە گەیاندنی واتا، واتە ئەگەر وشە ناوەڕۆکییەکان لە ڕستە لابدەین ئەوە ڕستەکە هیچ شتێکی نامێنێتەوە بۆ تێگەیشتن.

هەروەها وشەی ئەرکی ڕۆلی لە واتای ڕستدا هەیە، ئەویش بەستنەوەی وشەکانی ناو ڕستەیە بەیەکتریەوە، کە بە هۆی وشەی ئەرکییەوە واتای ڕستە ڕوون و ئاشکرا دەبێت، بۆ نموونە:

- دیارییەکم بۆ هاوڕێیەکەم هێنا.

لەم ڕستەیەدا وشە ناوەڕۆکییەکان بریتیین لە: (دیاری، هاوڕێ، هێنا)، وشەی ئەرکی ئەم ڕستەیەش بریتییە لە: (بۆ)، لێرەدا بۆمان دەردەکەوێت، ئەگەر وشە ئەرکییەکە لە ڕستەدا لابەین، هەرچەندە وشە ناوەڕۆکییەکان بەتەنها  واتایان هەیە، بەڵام واتایان لێڵە و ڕون نییە (چونکە وشەی فەرهەنگین)، کەواتە وشە ئەرکییەکان لەناو ڕستەدا یارمەتی وشە ناوەڕۆکییەکان دەدەن بۆ گەیاندنی واتا، هەروەها وشەی ئەرکی خاوەنی سیما و مۆرفۆلۆجی خۆیەتی و بە بەشێك لە بەشەکانی ئاخاوتن دادەنرێت، وە ئەمجۆرە وشانە (وشەی ڕێزمان)یشیان پێدەوترێت، وە زۆربەی زمانەوانەکان لەسەر ئەوە کۆکن کە وشە ئەرکییەکان سەر بە پۆلی داخراون( Tony&Witten,1993,5) ، چونکە ژمارەیان لە هەمو زمانەکاندا تاڕادەیەك دیاریکراوە و کەم و زیاد ناکەن و بە ئاسانی ئەندامی نوێ وەرناگرن، واتە لەڕووی ژمارەوە بە بەراورد لەگەڵ وشە ناوەڕۆکییەکان (لێکسیکی)یەکاندا زۆر سنوردار و کەمترن، بەڵام وشە ئەرکییەکان لە بەکارهێنان و دوبارەبونەوەدا، لەناو ڕستەدا زۆر چالاکترن و کاریگەرییان بەسەر وشەکانی تری ناو ڕستەشەوە هەیە (ئەحمەد،2016،95)، هەروەها وشە ئەرکییەکان زیاتر ئەرکیان بەستنەوەی وشە فەرهەنگییەکانە لە چوارچێوەی پێکهاتەی ڕێزمانی گەورەتردا. گرنگترین ئەو کاتیگۆریە مۆرفۆلۆجیانەی، کە سەر بە پۆلی داخراون، ئەمانەن: ( پریپۆزیشن ، ئامرازە لێکدەرەکان، ، جێناوەکان، ئامرازی پرس، ئامرازی سەرسوڕمان و بانگکردن)، ئەوەی شایەنی باسە، کە ئەندامەکانی پۆلە داخراوەکان نەك هەر کەمن و دەژمێردرێن، بەڵکو ئەندامی نوێش بە ئاسانی وەرناگرن، واتە لە دەیان و سەدان ساڵدا ئامرازێکی نوێ یان ئامرازێکی بەستن ناهێنە ناو زمانێکەوە لە کاتێکدا ئەندامەکانی پۆلی کراوە بە ئاسانی زیاد دەبن، دەبنە بەشێك لە کەرەسەی بنچینەیی زمان. بەم جۆرە دەبینین بە پێچەوانەی پۆلە داخراوەکانەوە پۆلە کراوەکان دەرگایان واڵایە بۆ وشەی نوێ. (فەتاح،2010،302)، هەرچەندە لە ڕووی ژمارەوە پۆلی داخراو ژمارەیان زۆر کەمە، ئەگەر بەراورد بکرێن بە ژمارەی پۆلی کراوە ، بەڵام بەکارهێنانی وشەکانی پۆلی داخراو زۆرترە لە بەکارهێنانی وشەکانی پۆلی کراوە، ئەمەش جەخت لەوە دەکاتەوە کە وشەکانی پۆلی داخراو زیاتر دوبارە دەبنەوە لەچاو وشەکانی  پۆلی کراوە. هەرچەندە ژمارەی وشەکانی پۆلی داخراو کەمن، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا توانیویانە شان بە شانی وشەکانی  سەر بە پۆلە کراوەکان بڕۆن.

---

[2] لە سەرەتای دروستبونی زماندا هەمو وشەکان واتایان هەبوە، بەڵام لەگەڵ گەشەسەندنی زماندا هەندێك لە وشەکانی زمان واتای خۆیان لە دەستداوە، دواتر تەنها بۆ ئەرکی ڕێزمانین بەکارهاتون، هەندێك لەو وشە ئەرکیانەی، کە بە تەنها کەمێك واتایان هەیە، وەکو: (جێناوی سەربەخۆ، جێناوی نیشانە، ئامرازی سەرسوڕمان، ڕادە، ...).

**5- فرەواتایی و وشەی ئەركی :**

فرەواتا زاراوەیەكی زمانەوانییە، وەكو بابەتێكی واتاسازی لێدەكۆڵرێتەوە. لە ئینگلیزیدا (Polysemy) پێدەگوترێت. وشەی (Polysemy) وشەیەكی یۆنانییە (Poly) بە واتای (فرە) یان (زۆر) دێت و (Seme) چەمكی واتا دەگەیەنێت، هەردوكیان دەبن بە (فرەواتا) ئەمەش (ناو (دال) چەندین ناولێنراو (مدلول) كە پەیوەندیان بەیەكەوە هەیە گرێیان دەدات. (محەمەد،2006،99). جا بۆیە وشەی (فرەواتا) وشەیەكی لێكدراوە، بەواتای (زۆر، فرە) واتا دێت لە زماندا.

واتای وشە زۆر گرنگە لە زماندا شیبكرێتەوە، فرەواتا بە وشەیەك یان زیاتر دەگوترێ، كە لە واتایەك زیاتری هەبێت، كە ڕیشەو دروستبونی وشەكان یەكبن و لە ئەنجامی گۆڕینی واتاوە دروستبووبن. پێشكەوتنی ژیان و زۆربوونی پێداویستی ڕۆژانە، وا لە مرۆڤ دەكات، كە ئەو شتومەك و دیاردانەی دێنە ناو كۆمەڵەوە بەردەوام بە وشە ناویان لێبنێت، یەكێك لەو ڕێگایانەی كە بۆ ئەو مەبەستە مرۆڤ ئەیگرێتەبەر ئەوەیە، كە پەنا دەباتە بەر ئەو وشانەی كە پێشتر لە زمانەكەیدا بەكارهاتووە و سەر لە نوێ بەكاریاندەهێنێتەوە بۆ گەیاندنی مەبەستی جۆراوجۆر، هەر وشەیەكیش خاوەنی واتایەكی ڕاستەوخۆ و سەربەخۆی خۆیەتی،بەڵام كاتێك پەنای بۆ ببرێت، بۆ مەبەستێكی نوێ بەكاربهێنرێت، بێگومان دەبێت بە خاوەنی واتایەكی نوێتر و گۆڕاو. (احمد،2015،49)، لە زماندا هەمو وشەیەك ئەگەر هەلومەرجی بۆ ڕەخسا دەتوانێت بۆ زیاتر لە واتایەك بەكاربێت، كەواتە هەندێكجار وشەیەك بۆ چەندین واتای دیكە بەكار دێت، ئەم پرۆسەیەش لە زماندا پێیدەگوترێت فرەواتا، سەبارەت بە دیاردەی فرەواتا بریتییە لە : وشەیەك چەند واتایەكی جیاوازی هەیە. (Palmar,1976,65)، یان فرەواتا بریتییە لە وشەیەك كە زیاتر لە واتایەكی هەبێت، واتە ئەو وشەیە یەك نەژادی هەیە، بەڵام واتای جیاواز دەبەخشێت. (عەلی،2019،117)، واتە لە پێناسەكردنی فرەواتا بۆچونی زۆربەی زمانەوانەكان یەكدەگریتەوە، كە پێیانوایە فرەواتا یەكێكە لەو دیاردە زمانییانەی، كە بەهۆیەوە یەك فۆڕمی زمانی خاوەنی زیاتر لە واتایەكە، واتایەكانیش پەیوەندییان بە یەكتروە هەیە، بە واتایەكی تر فرەواتایە كاتێك پەیدا دەبێت، كە توخمێكی زمانی زیاتر لە واتایەكی هەبێت و واتاكانیش بۆ یەك ڕەچەلەك بگەڕێنەوە.(كانبی و باپیر،2020،97)، كەواتە دەتوانین بڵێین فرەواتا دیاردەیەكی واتاییە، مەبەست لە فرەواتا وشەیەكە هەڵگری زیاتر لە واتایەكە، بەڵام واتاكانیان لە بنچینەوە لەیەكەوە نزیكن، هەروەها فرەواتا وەك دیاردەیەك لە زماندا بە شێوەیەكی بەر فراوان دەردەكەوێت. هەروەكو لەم نمونەیەدا خراوەتەڕوو:

- گەورە ← قەبارە
- گەورە ← تەمەن
- گەورە ← دەسەڵات

پێویستە ئاماژە بەوە بكەین، كە فرەواتایی مەرج نییە، تەنها لە وشەدا بەدیبكرێت، بەڵكو زۆرجار لە یەكەی گەورەتر و لەیەكەی بچوكتریشدا بەدیدەكرێت (قادر،2000،1)، واتە فرەواتا بە یەكێك لە دیاردە گرنگ و بەربڵاو و پڕ بایەخە واتاییەكان دادەنرێت، كە لە گشت ئاستەكانی زماندا دەبینرێت، دەتوانین بڵێین بوونی ئەم دیاردە واتاییە لە زماندا ڕۆڵ و بایەخێكی بەرچاوی هەیە، دەتوانین بڵێین بەهای دیاری فرەواتایی لەوەدایە، كە زمان بەهێز و بەتوانست دەكات. یەكێك لە خەسڵەتە بنەڕەتییەكانی ئاخاوتنی مرۆڤ ئەوەیە، كە وشەی وای تێدایە توانستی گەیاندنی چەندین واتایتری هەیە (حمە،2011،22)، گرنگی فرەواتایی تەنها لەو لایەنەی سەرەوەدا كورتناكرێتەوە، بەڵكو یەكێك لە گرنگییەكانی تری فرەواتا ئەوەیە، كە فرەواتا خەوشی نییە لە زماندا، بەڵكو تایبەتیەكی گرینگە، ئەگەر فرەواتایی نەبێت دەبێت بۆ هەمو واتایەك وشەیەك هەبێت (فتاح،2011،174)، بۆیە دیاردەی فرەواتایی گرنگییەكی زۆری هەیە بۆ زمانی مرۆڤ، چونكە ئەگەر مرۆڤ بۆ هەر واتایەك وشەیەك دابنێ، ئەوا ئەركی مێشك گران دەبێت.(سەعید،2014،38).

ئاشكرایە زۆربەی وشەكانی زمان هەڵگری زیاتر لە واتایەكن، چونكە هەمو وشەیەك واتایەكی بنەڕەتیی و واتای سیاقی هەیە، دەوروبەر واتای دیاریدەكات. (فەرهادی،2008،30)، واتە دەوروبەر ڕۆڵێكی گرنگی هەیە لە ڕوونكردنەوەی واتای وشەكاندا لە نێو ڕستەدا، لێرەدا ئەوی شایەنی باسە، ئەو وشانەی كە زیاتر لە واتایەك لە خۆ دەگرن دیاردەی فرەواتایی دروست دەكەن. دیاردەی فرەواتاش وەكو هەمو دیاردە واتاییەكانی تری نێو زمان، لە فەرهەنگی وشەكانی هەمو زمانێكدا ڕودەدەن، واتە لە فەرهەنگدا دەروازەیەك بۆ وشەكە دەكرێتەوە و واتاكانی یەك لە دوای یەك دەنوسرێت، هەروەها دیاردەی فرەواتایی مەرج نییە تەنها لە وشە فەرهەنگییەكاندا بەدیبكرێت، بەڵكو زۆر جار لە وشەی ئەركیشدا دیاردەی فرەواتایی بەدیدەكرێت، لەبەر پێگەی گرنگ و بەرفراوانی دیاردەی فرەواتا لە وشەی ئەركیدا، پێمان باشە دەستنیشانی پەیوەندی دیاردەی فرەواتا لە وشەی ئەركی بكەین، بە نمونە لە پرێپۆزیشندا، لێرەدا باسی واتا جیاوازەكانی ئەو پرێپۆزیشنانە كراوە، كە دەبنە فرەواتا، بەمشێوەیە:

**5-1 پرپۆزیشن:** ئامرازێكن بەشێكی ئاخاوتن پێكدەهێنن، ڕۆڵێكی گرنگ دەبینن لە بەستنەوەی بەشەكانی ڕستە و پەیوەندییەكی ناوەكی دروست دەكەن، پرپۆزیشنەكان ئەركیان بریتییە لە بەستنەوەی وشە و وشە یان مۆرفیم و وشە لە هەردو ئاستی وشەسازی و ڕستەسازی، واتە ناو و ناو و جێناو یان مۆرفیمێكی بەند و وشەیەك دەبەستێت بەیەكەوە وە یەكەیەكی تر لە وشە و فرەیز و ڕستە پێكدەهێنێت (شوانی،2014،84)، كەواتە پرپۆزیشن بەشێكی گرنگە لە پێكهاتە و واتای ڕستە پێكدەهێنێت و تەنانەت زۆرجار ڕستە و پرپۆزیشن لە یەكتری جیاناكرێنەوە، ئەگەر پرسیارێك بێتە پێشەوە لەبارەی ئایا بە وردی پەیوەندی لە نێوانیاندا چییە؟ لەوانەیە وەڵامەكەی زەحمەت بێت، بەڵام دەتوانین بڵێین: ئامانجی دەربڕینی هەر ڕستەیەك بریتییە لە دەربڕینی پرپۆزیشنێك، چونكە مەبەست لە دەربڕینی هەر ڕستەیەك گەیاندنی ئەو واتایەیە، كە پرپۆزیشنەكە هەڵیگرتوە، بەشێوەیەكی گشتی دەتوانین بڵێین: پرپۆزیشن زاراوەیەكە بەكاردێت بۆ وێنا كردنی پێكهاتەی سیمانتیكی ڕستە، كەواتە پرپۆزیشن كۆمەڵە دەنگێكی واتادارە، بەڵام بە تەنیا ئەم واتایانە دەرناكەوێت، بەڵكو لە ڕێی وشەكانی ڕستەوە ڕوندەبێتەوە (عەزیز،2008،19)، ئەم جۆرە پرپۆزیشنانە بریتیین لە: (بە، لە، بۆ، تا....)، لێرەدا پێویستە ئاماژە بۆ ئەوە بكەین، كە كەرەسەكانی زمان زۆربەیان، لە ڕستەدا، دو ئەرك دەبینن، ئەمە ئامرازەكانیش دەگرێتەوە:

1- ئەركی بەشە بنچییەكانی ناو ڕستە، لەمەدا ئامراز لەگەڵ كەرەسەكانی تردا، دەتوانێت ئەم دەورانە ببینێت كاتێك كە گرێ دروست دەكەن.

2- ئەركی واتای جیاجیا، لە ڕستەدا، بەپێی گۆڕانی شوێنیان، دەبینین كە ئەمەیان لە ئەركی جۆری یەكەم جیاوازە، چونكە لایەن و ئاستی ڕستە، پەیوەندییەكی ڕاستەوخۆی بە واتاسازییەوە هەیە، چونكە واتاسازی، بەهۆی ڕستەسازییەوە ڕووندەكرێتەوە، بۆیە پەیوەندییەكی بەهێز و ڕاستەوخۆ، لە نێوان ئەو دوو ئاستە زمانەوانییەدا هەیە، واتە واتاسازی و ڕستەسازی. (شوانی،2001،201)،

- لێرەدا تەنها باسی ئەو پرپۆزیشنانە دەكەین، كە دەبنە فرەواتا، بەمشێوەیە:

5-1-1 **تۆڕی واتایی پرپۆزیشنی (بە):** پرپۆزیشنی بە، وەكو وشەیەكی ئەركی خاوەنی چەند واتایەكی جیاواز لە ڕستەدا، بەمشێوەیە:

| ز | واتای پرپۆزشنی بە | نمونە | ڕونكردنەوە |
|---|---|---|---|
| -1 | دیاریكردنی شوێن | - من بە دهۆكدا چوم. | بەواتای چۆنییەتی ڕودانی كار لە شوێندا دێت. |
| -2 | لەگەڵ | - بە تۆوە دەبێتە هەشت كەس. | بەواتای لەگەڵ دێت. |
| -3 | چۆنیەتی بار | - پیاوە پیرەكە بە دانیشتنەوە خەوی لێكەوت. | بەواتای چۆنیەتی بار دێت. |
| -4 | فەرماندان | - بە مشار دارەكە ببڕە. | بەواتای فەرماندان دێت. |
| -5 | نرخ و بەها | - جانتاكەت بە چەند كڕیوە؟ | بەواتای نرخ و بەها دێت. |
| -6 | چۆنیەتی | - منداڵەكە خواردنەكەی بە خێرایی خوارد. | بەواتای چۆنیەتی دێت. |
| -7 | گۆڕان | - ئاوەكە بو بە سەهۆڵ. | بەواتای گۆڕان دێت. |
| -8 | لەناكاو | - كاتێك بەسەریدا چوم بینیم ئەو كتێبی دەخوێندەوە. | بەواتای لە ناكاو دێت. |
| -9 | پێكەوە | - من و تۆ شان بە شانی یەكتر دەڕۆین بۆ بازار. | بەواتای پێكەوە دێت. |
| 10 | كات | - من بەشەو وانەكانم | بەواتای دیاریكردنی كات دێت. |

| | | | |
|---|---|---|---|
| | | دەخوێنم. | |
| 11 | بەپێی | - هەمو کارێکی خراپ بە یاسا قەدەغەیە. | بەواتای بەپێی دێت. |
| 12 | بۆ | - بە تۆ بڵێم وانەکانت بخوێنە. | بەواتای بۆ دێت. |
| 13 | پێوەچون | - داوەکەمبە دەرزییەوە کرد. | بەواتای پێوەچون دێت. |
| 14 | سەرسوڕمان | - بە خۆتیت! | بەواتای سەرسوڕمان دێت. |
| 15 | ئەندازە | - تۆ باڵات بە قەد منە. | بەواتای ئەندازە دێت. |
| 16 | لایەنگیری | - لەمر کێشەیە من حەق بە تۆ دەدەمر. | بەواتای لایەنگیری دێت. |
| 17 | خاوەن | - ژنەکە بە دەستو دڵە. | بەواتای خاوەن دێت. |
| 18 | سوێند خواردن | - بەخوای جارێکی دیکە کاری خراپ ناکەمر. | بەواتای سوێند خواردن دێت. |
| 19 | پەیوەندی | - بە من چ تۆ کارەکانت تەواو کردوە. | بەواتای پەیوەندی دێت. |
| 20 | بۆ شکاندی ڕەوشتی کەسێك | - تۆ نازانێت بە ڕێگادا بڕوات. | بەواتای شکاندی ڕەوشتی کەسێك دێت. |
| 21 | لێکچواندن | - منداڵەکە بە دایکی دەچێت. | بەواتای لێکچواندن دێت. |
| 22 | پێی بو | - هەندێك میوەی بە دەستەوە بو. | بەواتای پێی بو دێت. |
| 23 | مەبەست | - ئەوە بەمنت وت خراپی؟ | بەواتای مەبەست دێت. |
| 24 | هۆیەتی | - بە هاتنتان دڵمر کرایەوە | بەواتای هۆیەتی دێت. |
| 25 | هۆکار | - بە پارە کتێب دەکرمر. | بەواتای هۆکار دێت. |
| 26 | ماوە | - بە هەشت ساڵی دیکە ناتوانمر خانو بکڕمر. | بەواتای ماوە دێت. |
| 27 | دیاریکردنی کەرەستە | - من بە ئۆتۆمبێل دەڕۆمر بۆ هەولێر. | بەواتای دیاریکردنی کەرەستە دێت. |
| 28 | لە لای | - کتێبەکەی بەمندا. | بەواتای لەلای دێت. |

5-1-2 **تۆڕی واتایی پریپۆزیشنی *(لە)***: پریپۆزیشنی لە، وەکو وشەیەکی ئەرکی لە ڕستەدا خاوەنی چەند واتایەکی جیاوازە، بەمشێوەیە:

| ز | **واتای پریپۆزیشنی لە** | **نمونە** | **ڕونکردنەوە** |
|---|---|---|---|
| -1 | وشەی پرس | – لە قوتابخانە بویت؟ | وشەی پرسیار |
| -2 | دیاریکردنی کات | – من لە بەیانیەوە دەست بە کار دەکەمر. | بەواتای دیاریکردنی کات دێت. |
| -3 | بۆ باسکردنی و ڕونکردنەوەی شتێك | – ئەمر دەرگایە لە ئاسن دروستکراوە. | بەواتای باسکردن و ڕونکردنەوەی شت دێت. |
| -4 | لەناو | – پارەکە لە گیرفانت دایە. | بەواتای لەناو دێت. |

| | | | |
|---|---|---|---|
| 5- | خاڵی دەستپێکردنە | – لە منوە بۆ تۆ. | بەواتای خاڵی دەستپێکردن دێت. |
| 6- | سەبارەت | – من لە وێنەکێشان نازانم | بەواتای سەبارەت دێت. |
| 7- | بەشێك لە گشتی | – تۆ لە خۆمانی. | بەواتای بەشێك لە گشتی دێت. |
| 8- | لێکچون | – کچەکە لە دایکی دەچێت باشە. | بەواتای لێکچون دێت. |
| 9- | هەندێك | – ژیار لە هەمو میوەیەك بخۆ. | بەواتای هەندێك دێت. |
| 10 | فەرماندان | – لە ماڵەوە بمێنەوە | بەواتای فەرماندان دێت. |
| 11 | دیاریکردنی شوێن | – من لە هەولێرم. | بەواتای دیاریکردنی شوێن دێت. |
| 12 | بەراورد | – هەولێر لە زاخۆ خۆشترە. | بەواتای بەراورد هاتوە. |
| 13 | لە بڕی ناو | – لە جوانیدا وێنەی نییە. | بەواتای لە بڕی ناو دێت. |
| 14 | بچوککردنەوەی ناو | – براله هات. | بەواتای بچوککردنەوەی ناو دێت. |
| 15 | بەراورد | – جلەکەی من لە هی تۆ جوانترە | بەواتای بەراورد دێت. |

5-1-3 **تۆڕی واتایی پریپۆزیشنی *(بۆ)*:** ئەم پریپۆزیشنە وەکو وشەیەکی ئەرکی خاوەنی چەند واتایەکی جیاوازە لە ڕستەدا، بەمشێوەیە:

| ز | واتای پریپۆزشنی بۆ | نمونە | ڕونکردنەوە |
|---|---|---|---|
| 1- | وشەی پرسیاری | – بۆ وانەکانت ناخوێنیت؟ | وەکو وشەی پرسیار بەکارهاتوە. |
| 2- | هۆیەتی | – بۆ خوێندن هاتومە ئێرە. | بەواتای هۆیەتی دێت. |
| 3- | بەخشین | – کتێبەکە با بۆ تۆ بێت. | بەواتای بەخشین دێت. |
| 4- | گونجاو | – ئەم جلە بۆ تەمەنی تۆ نابێت. | بەواتای گونجاو دێت. |
| 5- | لە پێناو | – بۆ تۆ ئەو کارەم کرد. | بەواتای لە پێناو دێت. |
| 6- | تەرخانکردنی شتێك بۆ شتێك دەگەیەنێ | – کتێبەکە بۆ من، قەڵەمەکە بۆ تۆ. | بەواتای تەرخانکردنی شتێك بۆ شتێك دێت. |
| 7- | نیاز و مەبەست | – دەمەوێت بۆ کار بڕۆم بۆ سلێمانی. | بەواتای نیاز و مەبەست دێت. |
| 8- | توانست | – بۆم ناکرێت. | بەواتای توانست دێت. |

| | | | |
|---|---|---|---|
| 9- | ئاڕاستە | – من بۆ هەولێر دەچم. | بەواتای دیاریکردنی ئاڕاستە دێت. |
| 10- | بەدوای | – بۆ جلی جوان دەگەڕێم. | بەواتای دوای دێت. |
| 11- | دوعا و نزا | – بۆ خواتری خوا وازمان لێ بێنە. | بەواتای دوعا و نزاکردن دێت. |
| 12- | دیاریکردنی شوێن | – بۆ هەولێر دەڕۆم. | بەواتای دیاریکردنی شوێن دێت. |

**5-1-4 تۆڕی واتایی پریپۆزیشنی (تا):** وەکو وشەیەکی ئەرکی خاوەنی چەند واتایەکی جیاوازە لە ڕستەدا، بەمشێوەیە:

| ز | واتای پریپۆزشنی تا | نمونە | ڕونکردنەوە |
|---|---|---|---|
| 1- | بۆدیاریکردنی کۆتایی شوێنی ڕودان | – من تا هەولێر دەچم. | بەواتای دیاریکردنی کۆتایی شوێن دێت. |
| 2- | بۆدیاریکردنی کۆتایی کات | – تا ئێواری وانەکانم دەخوێنم. | بەواتای دیاریکردنی کۆتایی کات دێت. |
| 3- | مەودا | – لێرەوە تا سلێمانی بەپێی ڕۆیشتم. | بەواتای مەودا دێت. |
| 4- | بۆ ئەوەی | – من قسەم کرد تا ئەویش بێتە قسە. | بەواتای بۆ ئەوە دێت. |
| 5- | وشەی مەرجی | – تا تۆ نەییت من نایەم. | بە واتای وشەی مەرجی دێت. |
| 6- | هۆیەتی | – تا بە ڕەوشتتر بیت خەلك زیاتر ڕێزت لێدەگرن. | بەواتای هۆیەتی دێت. |
| 7- | بەردەوامی | – ئەو تا دێت جوانتر دەبێت. | بەواتای بەردەوامی دێت. |
| 8- | جیاوازی نێوان دوشت دەردەخات | – قوتابخانە تا قوتابخانە جیاوازە. | بەواتای جیاوازی نێوان دو شت دێت. |

**6_ئەنجام:**

1_ وشەی ئەرکی ئەو وشانەن سەر بە پۆلی داخراون، زۆربەی وشە ئەرکییەکان لە ئێستای زماندا واتایان نییە، بەڵام هەندێك لە وشە ئەرکییەکان واتایەکی کەمیان هەیە، دەکرێ بڵێین ئەمجۆرە وشانە ڕۆلی سەرەکییان بریتییە لە گوزارشتکردن لە پەیوەندییە ڕێزمانییەکان، یان پەیوەندییە لۆژیکییەکان لە ڕستەدا، هەروەها زۆرێك لە ئەرکە سینتاکسی و سیمانتیکیەکان بەهۆی وشە ئەرکییەکانەوە لە زماندا دەردەبردرێن.

2_ دیاردەی فرەواتاش وەکو هەموو دیاردە واتاییەکانی تری نێو زمان، لە فەرهەنگی وشەکانی هەمو زمانێکدا ڕودەدەن، شایەنی باسە دیاردەی فرەواتایی مەرج نییە تەنها لە وشە فەرهەنگییەکاندا بەدیبکرێت، بەڵکو زۆر جار لە وشەی ئەرکیشدا دیاردەی فرەواتایی بەدیدەکرێت.

3- ئەنجامی پراکتیکی توێژینەوەکە ئەوە دەردەخات، کە پریپۆزیشنی (بە، لە، بۆ، تا) فرەواتان.

**7-لیستی سەرچاوەکان :**


- **بەزمانی کوردی:**
- احمد، مسعود بكر (2015) دژواتا و فرەواتا لە شیعرەکانی گۆراندا، نامەی ماستەر، کۆلێژی زمان، زانکۆی سەڵاحەدین.
- ئەحمەد، ڕۆستەم محەمەد (2016) سینۆنیم لە زمانی کوردی ناوچەی گەرمیاندا، نامەی ماستەر، کۆلێژی زمان، زانکۆی سلێمانی.
- حسێن، شیلان عومەر (2011) پەیوەندی سینتاکسی و سیمانتیك لە ڕێزمانی زماندا، نامەی دکتۆرا، کۆلێژی زمان، زانکۆی سلێمانی.
- حمە، همزە حسێن (2011) تەمومژی لە زمانی کوردیدا، نامەی ماستەر، فاکەڵتی زانستە مرۆڤایەتی و کۆمەڵایەتییەکان، زانکۆی کۆیە.
- دزەیی، عەبدولواحید موشیر (2013) وشەسازی زمانی کوردی، چاپی دوەم، هەولێر: چاپخانەی ئاوێر.
- سەعید، تابان محەمەد (2014) کێڵگە واتاییەکان لە ڕکێفەمەودای کۆمەڵەوە، نامەی دکتۆرا، کۆلێژی زمان، زانکۆی سلێمانی.
- سەعید، یوسف شەریف (2013) وشەسازی، هەولێر: چاپخانەی حاجی هاشم.
- شوانی، ڕەفیق (2001) چەند بابەتێکی زمان و ڕێزمانی کوردی، چاپی یەکەم، هەولێر: چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری.
- شوانی، ڕەفیق (2014) وشەسازی زمانی کوردی، چاپی دوەم، کەرکوك: چاپخانەی داودی.
- عبدالله، ڕۆژان نوری (2007) فەرهەنگی زمان و زاراوەسازیی کوردی، چاپی یەکەم، هەولێر: چاپخانەی چوارچرا.
- عەزیز، ڕێژنە ئیسماعیل (2008) ناونان و هەست لە زمانی کوردیدا، نامەی ماستەر، کۆلێژی زمان، زانکۆی سەڵاحەدین.
- عەلی، تاڵیب حوسێن (2019) واتاسازی (چەند بابەتێکی وشە)، چاپی دوەم ، هەولێر: چاپخانەی هێڤی.
- عەلی، شێرزاد سەبری و موبین، ئاراز (2016) وشەسازی، چاپی یەکەم، هەولێر: چاپخانەی هێڤی.
- فەتاح، محمد معروف (2011) زمانەوانی، چاپی سێیەم، هەولێر: چاپخانەی حاجی هاشم.
- فەتاح، محەمەد معروف (2010) لێکۆڵینەوە زمانەوانییەکان، چاپی یەکەم، هەولێر: چاپخانەی ڕۆژهەڵات.
- فەتاح، ئەردەوان تۆفیق (2015) پۆلگۆڕینی وشە لە ڕستەسازیی زمانی کوردیدا، نامەی ماستەر، کۆلێژی زمان، زانکۆی سەڵاحەدین.
- فەرهادی، ساجیدە عەبدوڵڵا (2008) ڕستە و پاش ڕستە،- تێروانینێکی ئەرکی، چاپی یەکەم، هەولێر: دەزگای ئاراس.
- فەرهادی، ساجیدە عەبدوڵڵا (2013) هەندێ لایەنی ڕستەسازی زمانی کوردی، هەولێر: چاپخانەی حاجی هاشم.
- قادر، سباح رشید (2000) هاوبێژی و فرەواتایی لە گیرەکدا، نامەی ماستەر، کۆلێژی زمان، زانکۆی سلێمانی.
- کانبی، دلێر سادق و باپیر، دلاوەر شوکری (2020) شیکردنەوەی تۆڕی واتایی ئامرازە بەندەکانی (تا) و (لەگەڵ) لە ڕوانگەی واتاسازی زانینییەوە، گ:توێژەر، بەرگی:3، ژ:3.
- مارف، ئەوڕحمانی حاجی (2004) فەرهەنگی زاراوەی زمانناسی، کوردی- عەرەبی- ئینگلیزی، سلێمانی.
- مارف، ئەوڕەحمانی حاجی (2014) ڕێزمانی کوردی، جێناو، بەرگی یەکەم، بەشی دوەم، هەولێر: چاپخانەی ڕۆژهەڵات.
- محەمەد، شادان حەمەئەمین (2006) پەیوەندییە واتاییەکانی ناو مۆرفیمە بەندەکان لە زمانی کوردیدا، نامەی ماستەر، کۆلێژی زمان، زانکۆی سلێمانی.
- محێدین، بازیان یونس (2013) پەیوەندی ئاستی مۆرفۆلۆجی بە ئاستی فۆنۆلۆجی و سینتاکس، چاپی یەکەم، هەولێر: چاپخانەی موکریان.

**_ سەرچاوە ئینگلیزییەکان:**

- - Bc.Leos Hejl (2014) Evolution of the conception of part of speech, Univerzita Palackeho Olomouci.
- Ben, Yagoda (2009) part of speech, G (The new Hork times).
- C. smith& Lan. H. Witten, (1993) Language in Ference from Funcation word.
- Carlotta viti (2014) Latin part of speech in historical and typological context, University of Zurch.
- Crystal, D. (2003) Adictionary of Linguistics and Phonetics, Fifth Edition, Blackwell publishing.
- F. R, Palmer,(1976) Semantics, cambridage university press, New York.
- Jose,etal, Hinojosa .A, Semantic processing of open- and closed-class word: an event- related potentials study, 2001.
- Katamba, Frances& Stonham , Johan (2006) Morphology, Second Edition, Plagrave, Printed and bound in china.
- Riemer. N, (2010) Introducing Semantics, Cambridge University Press, New York.
- Tony C. Smith & Lan H. Witten (1993) Language inference from function words.
- Trask, R. L. Adictionary of Grammatical terms in Linguistics, Routledge, London and New York.

- **سایتەکانی ئەنتەرنێت:**

- Munte, ental,(2001) www.pub med.gov.
- www. Dbpedia.com.
- www.findword.ifo.

**تعدد معانى الكلمة الوظيفية فى الغة الكوردية, (بريبوزشن) نموذجا**


**ديار علی كمال كريم**

كلية اللغات الأجنبية- بكين/ جامعة بكين-الصين

dyar deyar.kamal1@su.edu.krd

**گزنگ عبدالقادر عبدالله**

كلية التربية – قسم اللغة الكوردية / جامعة صلاح الدين-اربيل

gezeng.abdulla@su.edu.krd



**ملخص**

عنوان هذا البحث هو تعدد معاني الكلمة الوظيفية فى الغة الكوردية، (بريبوزيشن) **نموذجا** ، وهو بحث وصفي تحليلي والهدف الرئيسى من هذا البحث هو محاولة تحديد وابراز تعدد المعاني للكلمة الوظيفية في الكوردية و **نموذجا** لذلك بريبوزيشن. يسعى هذا البحث من خلال الاعتماد على فرز الكلمات الوظيفية ومن ضمنها باقة محادثات بريبوزيشن الى بيان و تحديد الأساليب المختلفة التى تصنع تعدد المعانى فى صياغة الكلمة الجديدة فى القاموس و الاستعمالها ومن هذا الجانب نأحذ بعين الاعتبار كافة الاحتمالات المقبولة و المناسبة التي بموجبها تصنع بريبوزيشن معانى متعديده في القاموس و الاستحمال و تميزها عن المشتركات اللفظية.

وقد اعتمد البحث في اختيار بريبوزيشنات على القاموس و أخذ بعين الاعتبار القاموس و اللغة الدارجة اليومية في اختيار أمثلة تعدد المعان.


**الكلمات المفتاحية:** اقسام الكلمة, الكلمة الوظيفية, تعدد المعانى, بريبوزيشن.

## polysemy function word of the Kurdish language, such as (preposition)


**Dyar Ali Kamal Karim**
College of Foreign Languages, Beijing / Beijing University-China
deyar.kamal1@su.edu.krd

**Gezeng Abdulqadir Abdulla**
College of Education, Kurdish Language Department, Salahaddin University-Erbil
gezeng.abdulla@su.edu.krd



**Abstract**

Tish research under the title of polysemy function word of the Kurdish language, such as (preposition) analysis description research the main purpose of this research is an attempt to identify and show the different meanings of function word in Kurdish language, the research by relying on preposition speech class tries to determine the different classes that create polysemy in the light of new word and use in the regard, we take into account all the possible possibilities that preposition in dictionary and use makes many meanings and distinguishes it from the speaker and the research for choosing the preposition relies heavily on the dictionary and language of daily speech.


**Keywords:** Category Morphology, Function word, polysemy, preposition.